**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ڕێکەوتی :٢٠١٢/١٢/٣١**

**پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی (١٨) و ماددەی (٦/برگەی یەکەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :**

**ڕێنمایی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٢**

**دەست نیشانکردنی پلەی پەککەوتن بۆ کورتەبالاکان**

بەپێ ی کۆنوسی لیژنەی هاوبەشی پێکهاتووی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی بۆ دەست نیشانکردنی پلەی پەککەوتن بۆ کورتەباڵاکان ، ڕێژەکان بەم شێوەی خوارەوە کە پەسەند کراوە دەبێت :-

**یەکەم: هەر کەسێکی پێگەیشتوو کە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵە وە باڵای لە (١٤٢) سم بۆ پیاوان و ( ١٣٧ )سم بۆ ئافرەتان کە بە کورتە باڵا دادەنرێت ڕێژەی پەککەوتنی لە ( ٤٠ – ٥٠ ٪ ) بۆیان دادەنرێت .**

**دووەم: سەرەڕای خاڵی سەرەوە گەر هاتوو کورتە باڵاکە لە کاتی دیارکردنی جوڵانەوەی جومگەکانی ( تحدد حركة المفاصل ) سوك و مام ناوەندی بێت ڕێژەی پەککەوتنی لە نێوان ( ٥١ – ٧٤ ٪ ) بۆیان دادەنرێت .**

**سێیەم: گەر هاتوو لەکاتی دیاریکردنی جولانەوەی جومگەکان زۆر توند بێت وە هەروەها شێواندنی جومگە لەگەڵ بێت ڕێژەی پەککەوتنی لەنێوان(٧٥–١٠٠٪) بۆیان دادەنرێت**

**چوارەم:** لیژنەکانی پزیشکی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی بە پێی ڕێنماییەکانی خشتەی پەککەوتن لە بواری (فیزیکی و جەستەیی) ئەم ڕێژەیان بۆ ئەژمار دەکرێت .

**پێنجەم:** لیژنە پزیشکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە کاتی دانانی ڕێژەی پەککەوتن بۆ کورتە باڵاکان ڕەچاوی حاڵەتی ( دەروونی و عاقڵی ) بکات

**شەشەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی جێ بە جێ دەکرێت .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**